بوومەلەرزە لەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراق تۆمارکراوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، بوومەلەرزەیەک بە گوێی 5.6 پلە بە پێوەری ڕێختەر لە پارێزگای خوزستان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لەسەر سنووری نێوان ئێران - عێراق ڕوویدا.

سەنتەری نیشتمانی بومەلەرزانی ئێران ڕایگەیاندووە کە بوومەلەرزەکە لە قووڵایی 10 کیلۆمەتر بووە و هەروەها بوومەلەرزەیەک بە گوێی 4.8 پلە بە پێوەری ڕیختەر کە نزیکەی 8 کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای شاری مەسجد سولەیمان لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران بووە.

تائێستاش هیچ زیانێکی گیانی و ماددی بەهۆی بوومەلەرزەکەوە تۆمار نەکراوە.

شایانی باسە، ئەمە دووەمین بوومەلەرزە کە لەماوەی هەفتەیەکدا لەو ناوچەیە ڕووددات، چونکە ئێران ناوبەناو ڕووبەڕووی بوومەلەرزەی چێی جیاواز دەبێتەوە بەهۆی هەڵکەوتەی لەسەر ناوچەیەکی کەللەنی گەورە کە کوشندەترینیان بوومەلەرزەیەک بە گوێی 7.7 پلە بوو کە لە ساڵی 1990 لە باکوری ڕۆژئاوای وڵاتەکە ڕوویدا و 37 هەزار کوژراو و 100 هەزار بریندارى لێکەوتەوە.